ئەڵمانیا12-8-2007:

حکومەتی ئەڵمانیا لەرێگای هێڵی ئاسمانی زاگرۆس پەنابەرانی عیراقی دیپۆرتی هەولێر دەکاتەوە

بەپێ راپۆرتێك كە رۆژی 11-8-2007 كەمپینی دژی دیپۆرتی پەنابەران لە وولاتی ئەڵمانیاوە بەدەستی فیدراسیۆنی گەیاندوە ،حکومەتی ئەڵمانیا لەمانگی 6 ئەمساڵەوە هەر سێ هەفتە جارێك 2 پەنابەری عیراقی لە هامبۆرگ ئەنتەرناشنالە لە رێگای هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لەشاری فرانکفۆرتەوە بەزۆر دیپۆرتی هەولێر کردۆتەوە.

وابریارە 10-9-2007 کاتژمێر 23:55 بەکاتی ئەڵمانیا 3 پەنابەری تر دیپۆرتی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر بکرێتەوە کە کاتژمیر 5:20بگەنە فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر .

هەمان سەرچاوە بەفیدراسیۆنی راگەیاند ناردنەوەی پەنابەران بەردەوام دەبێت ،ئەم پرۆسەیە لەرێگای هێڵی ئاسمانی زاگرۆس وەبەرێوە دەچێت کە تیکت بەبێ کێشە بە حکومەتی ئەلمانیا دەفرۆشن.

کەمپینی دژی ناردنەوەی پەنابەران بەفیدراسیۆنی راگەیاند ئامادەیە تەواوی ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن کە رۆژانی 25-26-8-2007 لە ستۆکهۆڵم بەرگوزار دەکرێت.

هەروەها کەمپینی دژ بەناردنەوەی پەنابەران کارو چالاکی ئەنجام دەدەن بەرامبەر بە حکومەتی ئەڵمانیاو هێڵی ئاسمانی زاگرۆس دژ بەگیرانەوەی پەنابەرانی عیراقی .

– هاوکات فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە ئەڵمانیا پێشتر کەمپێنێکیان بەرێ خستوە و داوای هاوپشتی و هاوکاری دەکەن لە نامەیەکیان کە ئاراستەی تەواوی رێکخراوەپەنابەری و ئینسان دۆست و سەندیکا کرێکاریەکانی ئەڵمانیا کردوە لەپێناو داکۆکی لە پەنابەران کە خواستەکانیان پێك هاتووە:

1) گەراندنەوەی مافی پەنابەری بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەبیانۆی ڤیدەروفن Wiederrufen مافی پەنابەریان لێسەندراوەتەوە .
2) ئاسایی کردنەوەنەی رەواڵی کارکردن لە مەسەلەی تازەکردنەوەی مافی نیشتەجێ بوون و پاسپۆرت وپەگرتنەوەی خێزان و وەرگرتنی مافی رەگەزنامەی Citizen ئەڵمانی ....تاد. بۆ سەرجەم پەنابەرانی عێراقی.
3) گرتنەبەری پرۆسەی یاسایی وپابەندبوون بە یاساکانی جنێف لە پەیوەند بەدانی مافی پەنابەری بۆ ئەو پەنابەرانەی کە لە عێراقەوە دێن.
4) دانی مافی پەنابەری بۆ سەرجەم ئەو پەنابەرە عێراقیانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە ئەڵمانیادا دەژین و بێ بەشکراون لەمافی پەنابەری.

5) پابەندبوونی حکومەتی ئەڵمانیا بە یاسا وریکەتنە نێو دەوڵەتی یەکان لە پەیوەند بەمافەکانی پەنابەرانەوە لەوانە رێکەتنامەی جیهانی جنێف بۆ مافی پەنابەری.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم کەمپینە تکایە پەیوەندی بکەن بە:

کۆلن

عرفان کریم tel-00491726274423 ——— arfan96@yahoo.de

کالسرۆ

بکر حەمەد 00491725799170 tel____bakir0107@yahoo.de

IFIR: **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile: 07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083